# قسەیەکی تر

## عەقڵیەتی سیاسی لەنێوان (مراعات) و (تۆقاندن)دا

**عوقەیل سەعید مەلازادە**

ئاشکرایە لە گەمەی سیاسیدا و لە فەزای بوونی چەندین هێز و گروپی سیاسیدا، هێزەکان هەوڵی لێکنزیکبوونەوە و هەوڵی توندکردنی کەناڵی پەیوەندی دەدەن، بۆ زیاتر مسۆگەرکردنی دەسکەوتی سیاسی، بەتایبەتی لەنێوان ئەو هێز و لایەنانەی کە کۆمەڵێک بەرژەوەندی هاوبەش کۆیانئەکاتەوە، ئەزانن ئەو نزیکبوونەوە بەقازانجیانە، چونکە زەمەنی تاکە حیزبی مۆدیلی بەسەرچووە لە دنیای عەولەمە و میدیای ئازاددا.

ئەگەر ئەم پرەنسیپانە لە واقیعی کوردستان ئیسقات بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بە هیچ شێوەیەک ئەمەی سەرەوە حیسابی بۆ نەکراوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە حاڵەتی سیاسی لای خۆمان تایبەتە و هێزە دەستەڵاتەکانی هەرێم بە عەقڵیەتی تاکڕەوی و نەخوێندنەوەی بەرامبەر و قەبووڵنەکردنی هێزەکانی بەرامبەر مامەڵە ئەکەن.

ئەوەی لێردا زیاتر مەبەستمە ئەم ئاڵۆزیانەی ئەمدواییەی دەڤەری بادینان و دروستبوونی گرژی لەنێوان یەکگرتووی ئیسلامی و پارتی دیموکراتی کوردستانە دوای سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو، جا ئەگەر بە مەنتیقیکی عەقلانی لە رابردووی پەیوەندیەکانی ئەم دوو حیزبە ورد بینەوە، ئەوا ئەبوایە بە جۆرێکی زۆر جیاواز تر بوایە، چونکە یەکگرتووی ئیسلامی خاڵی بەهێز و کاریگەری زۆری تێدابوو، کە قازانجی پارتی دەبوو ئەگەر بەشێوەیەکی تر مامەڵەی کردبا، چونکە یەکگرتووی ئیسلامی هێزێکی ئیسلامی میانڕەوەی کاریگەرە لە ساحەکەدا، ئەم گرنگییەش زیاتر دەردەکەوێ لەمڕۆدا کە ئیسلامیە هاوشێوەکان یەک لەدوای یەک لە وڵاتانی عەرەبی لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە دەگەنە دەسەڵات، جگە لەمەش لەناوخۆی کوردستانیشدا رێکخستنەکانی تا رادەیەکی باش بە شێوەیەکی هاوسەنگ لە سەرتاسەری کوردستان وجودی هەیە بەتایبەتی لە دەڤەری بادینان، بەڵام ئەوەی لە ساڵانی رابردوودا بینیمان یەکگرتووی ئیسلامی بەردەوام بە سیاسەتی موراعات و نەرمی نواندن و تەرهیمکردنی شەرعیەتی پارتی مامەڵەی دەکرد، ئەمەش لە بەشداریکردنی یەکگرتوو لە گشت کابینەکاندا، کە پارتی سەرکردایەتی دەکرد، بەتایبەتی یەکەم کابینەی دوای شەڕی ناوخۆ و رووداوەکانی (٣١)ی ئاب، کە زۆر قسەی هەڵدەگرت، کە زۆر جار ئەم سیاسەتەی یەکگرتوو دژی خواستەکانی جەماوەرەکەی و تەنانەت رێکخستنەکەشی بووە، کە زۆرێک لەو گلەییانەی لە سەرکردایەتی ئەو حیزبە کراوە، لەسەر ئەم بابەتە بووە. هەر ئەم سیاسەتەش بووە کە یەکگرتوو هەلێکی گەورەی لەدەستدا، ئەویش عەلەمداریێتی و سەرکردایەتیکردنی ئاڵای ئۆپۆزسیۆن بوو، کە پێش هەموو هێزەکانی تر کاری بۆ کرد و باجی بۆ دا، بەڵام نەیتوانی پێشڕەوەی بێت.

لە بەرامبەریشدا پارتی دیموکراتی کوردستان بەردەوام بە سیاسەتی فشارخستنەسەر ئەندامان و تەهمیشکردن مامەڵەی دەکرد، تا رادەی کوشتن و سوتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو لە بادینان، بە جۆرێک ئەو ئەزیەت و نارەحەتیانەی رێکخستنەکانی یەکگرتوو لەژێر دەسەڵاتی هێزەکان پارتی بەسەریاندا دەهات، لە شوێنێکی تر هاوشێوی نەبوو.

لە روانگەی ئەو رابردووەوە بۆمان دەردەکەوێت کە یەکگرتوو بەم سیاسەتە موراعاتەی هیچ دەسکەوتێکی ئیجابی ئەوتۆی بۆ خۆی فەراهەم نەکردووە، بۆیە پێویستە یەکگرتوو بە مەنتیقێکی تر مامەڵە بکات و واز لە سیاسەتی موراعات بهێنێ و لەمەودوا زیاتر بگەڕێتەوە باوەش خواستەکانی جەماوەر و داواکاریەکانی رێکخستنەکەی، لەولاشەوە پارتیش بەم سیاسەتەی بەرامبەر یەکگرتوو پەیڕەوی کرد هەلێکی گەورەی لەدەستدەدا کە سوودوەرگرتن و نزیکبوونەوە لە هێزێکی کاریگەری وەکو یەکگرتوو.

# حەزکردن بۆ بەفر بارین، زۆر لەباران و تەرزە زیاترە



ئاسۆ عەلی گەڵاڵی

لە راپرسییەکی سایتی کۆمەڵایەتی فەیسبووکەوە ڕووندەبێتەوە کە خەڵکی کوردستان زۆرینەیان حەزیان بە بەفربارینە وەک لە باران و تەرزە.

ڕاپرسییەکە لە پەیجی (ڕاپرسی)ی سایتی کۆمەڵایەتی فەیسبووکدا ئەنجامدراوەو تێیدا هاتووە: حەز ئەکەی کامیان بباریێ؟ بەفر، باران، تەرزە؟، و بەفر زۆرینەی دەنگی بەشداربووانی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە.

ئەو راپرسییە (٣٥١٥) کەس تێیدا بەشداربوون و (٢٢١٨) کەس لەوان کە ڕێژەی (٦٣٪)ی بەشداربوانن دەنگیان بۆ بەفر داوەو (١١٥٤) کەسیش کە بەرامبەرە لەگەڵ ڕێژەی (٣٣٪)ی دەنگەکان بارانیان هەڵبژاردووەو تەرزەش تەنها ڕێژەی (٤٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە کە (١٤٣) بەشداربوو دەکات.

ئەمانە لەکاتێکدان تا ئێستا باران بارینی تەواوەتی لە هەرێمی کوردستان دەستی پێنەکردووەو مەترسی وشکەساڵییش لەئارادایە.

خودایە بەڕەحم و بەزەیی خۆت بارانی بەرەحمەت و پڕخێری خۆتمان بۆ ببارێنی ئینشائەڵڵا

## بلوتوس لەچیەوە هاتوە؟

Bluetooth™

بابەتێک لەم بارەوە لە لاپەرە ٨

## بە کێ دەڵێن کەسێکی خەمۆک؟



گەر دەتەوێت بزانیت کێ خەمۆکە برۆ لاپەرە ٩

## گفتوگۆی بڕوانامەیەکی دکتۆرا



ڕۆژی (٢٠١١/١٢/٢٩) گفتوگۆی نامەی دکتۆرای قوتابی (ئەکرەم فەتاح سەلیم) کرا بە ناونیشانی (الأدیان وأیرها فی التعایش السلمی فی العراق - دراسە مقارنە) و لیژنەی گفتوگۆ پێکهاتبوون لە هەریەک لە بەڕێزان پرۆفیسۆر (یوسف بابەکر ئەلشێخ) و پرۆفیسۆر (محەمەد عوسمان صالح) و پرۆفیسۆر (عەبدوڵلا عەبدولحەی ئەبابەکر) ، ئێمەش لە رۆژنامەی یەکگرتوو پیرۆزبایی لێدەکەین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین .


Reklam









یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٧١)
دوو شەممە ٢٠١٢/١/٢ ز
ساڵی حەڤدەهەم

www.yakgrtu.org
Yakgrtu١٩٩٤@yahoo.com
تەلەفۆن: ٠٦٦٢٥٣١٧٥٢ * ٠٦٦٢٥٦٢٤٤

ناونیشانی رۆژنامەی یەکگرتوو: هەولێر : گەڕەکی تەیراوە - بەرامبەر گەراجی باکوور تەنیشت مەڵبەندی - دووی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان